# کامە دەسەڵات و کام ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستاندا؟

**محەمەدی مشیر**

2007-01-22

سیستەمی حوکم لە هەر ولآتێکدا جۆری حکومەت دەستنیشاندەکات، جۆری حکومەتیش بەشبەحاڵی خۆی جۆرو شێوازی کاری ئۆپۆزیسیون دەستنیشاندەکات. کەواتە تاکو نەزانی باسی چ جۆرە سیستەمێك دەکەیت نازانی لە بەردەم چ جۆرە حکومەتێکدایت، کە نەشزانی چ جۆرە حکومەتێك لە ولآتەکەدا هەیە ئەوا باشتر وایە نەچیتە سەرباسی ئۆپۆزیسیون.

ئەم باسە کۆمەڵێك تەوەری ئاڵۆز و بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێ و بە پێی ئەو ڕێسایەی سەرەوە لەم گوتارە کورتەدا ناکرێ بە تێروپڕی تێکڕای تەوەر و بۆچوونەکان بخەیتە بەرباس و لێتۆژینەوە.

سەرەتا کە دێینە سەرباسی ئەم دوو چەمکە(دەسەڵات و ئۆپۆزیسیون)پێویستە ئەوە فەرامۆش نەکرێ کە باسی سیاسەت دەکەین و لە ڕوانگەی سیستەمی سیاسییەوە دەڕوانینە هەردووکیان، ئەمە لە لایەکیان، لە لایەکی دیکەدا دەبێ باسکردنی ئەم دوو چەمکە لە زەمینەی خەیاڵ و ئایدیای ئەبستراکتدا بهێنرێنە سەر زەمینەی ڕیاڵی کۆمەڵایەتی و لە چوارچێوەی واقعی بەردەستدا مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت. بە قسەیەکی دی پێویستە لە واری تیۆرییەوە بهێنرێنە واری پراکتیك‌و لە وێدا تاوتوێ بکرێن.

**دەکرێ بە شێوەیەکی گشتی سیستەمە هاوچەرخەکانی حوکم بۆ دوو جۆر پۆلێن بکرێن:**

یەکەم: سیستەمە ڕەها و گشتگیر و داخراوەکان.

دووەم: سیستەمە کراوە و دیموکراتەکان.

بە پێی ئەم دابەشکردنە گشتییە بێت دەرەنجام باسکردنی هەریەك لەو دوو چەمکەش دەگۆڕێت، بەلآم سیسستەمی سیاسی هەرچی بێت، ئەوا سروشتی دەسەلآت چ لە سایەی حکومەتێکی ڕەهادا بێت چ لە سایەی حکومەتێکی دیموکراسیدا، چ لە سایەی حوکمێکی ڕەهاو داخراو بێ چ لە سایەی حوکمێکی ناڕەهاو کراوەدا، ئەوا لە یەك خاڵی بنەڕەتیدا یەکدەگرنەوەو کۆکن ئەویش ئەوەیە کە دەسەلآت ئۆتۆریتە خوازە، بەلآم لەوەی یەکەمیاندا ئۆتۆریتەیەکی ڕەهای هەیە و لەوەی دووەمیشیاندا ئۆتۆریتەیەکی سنووردار و دابەشکراو. ئیدی بەو پێیە بێ لە سایەی دۆخی یەکەمدا ئۆپۆزیسیون بواری جوڵانەوەو چالاکی ئاشکرای نییەو ناچاردەکرێت لە بەرامبەر زەبرو ستەمی دەسەلآتدا پەنا بباتە بەر شێوازی نهێنی یان چەکداری لە کارەکانیدا، بەمەش بە ناچاری دەبێتە ئۆپۆزیسیونێکی توندوتیژ و بواری گفتوگۆ و دیالۆگی لە بەردەستدا کەمدەکرێتەوە و گۆڕینی دەسەلآت لە ولآتدا پتر لە ڕێگەی شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری یان لە ڕێگەی کودەتای سەربازییەوە ئەنجامدەدرێ و ململانێی نێوان دەسەلآت و ئۆپۆزیسیون بە شێوەیەکی توندو تیژو خوێناوی و ئاشتی ناپەزیر خۆی دەسەپێنێت، کەچی لە دۆخی دووەمدا دەکرێ ئاڵوگۆڕی دەسەلآت بە شێوازی شارستانیانە دەستاودەستی پێبکرێ و ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێ بە ئاشکرا کارەکانی ئەنجامبداو ئاشتییانە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئۆپۆزیسیۆنی ئەمڕۆ ببێتە دەسەلآتداری بەیانی و دەسەلآتداری دوێنێ ببێتە ئۆپۆزیسیۆنی ئەمڕۆ، بۆیە لەم دۆخەدا کەمتر پەنا دەبردرێتە بەر زەبرو زەنگ و ململانێی نێوان هەردوولا بە شێوازێکی نەرمترو سیاسییانەتر لە سایەی یاساکانی ولآتدا بە ئاکام دەگات. بە وتەیەکی کورتتر دەسەلآت لە دۆخی یەکەمدا ئەوپەڕی زەبروزەنگ بەکاردەهێنێت و سوود لە هەموو شێوازێك وەردەگرێ و تاکو بۆی بلوێ بە هۆی هێزەوە ڕێگە لە سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆن دەگرێ و بەتوندی لەباری دەباو تێکیدەشکێنێ، بەلآم لە دۆخی دووەمدا بەگشتی دەسەلآت پابەندە بە کۆمەڵێك بنەمای دەستووری و ناتوانێ لەو چوارچێوەیە دەربچێت و هەبوونی

ئۆپۆزیسیۆن لە ژیانی سیاسیدا ئاساییترە و بە ئاسانی رێگەی سەرهەڵدانی لێناگیرێ.لەو دۆخەی دووەمدا خودی ئۆپۆزیسیۆن دەكرێ بۆ دوو جۆری سەرەكی دابەش بكرێ:

یەكەمیان، ئۆپۆزیسیۆنێك كە بەشدارە لە دەسەڵات و كەمینە پێكدەهێنێت لە نێو پەرلەمان و حكومەتدا بەڵام زۆربەی كات ناتوانێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و پاشكۆی سیاسەتەكانی زۆرینەیە و ناتوانێ كاراو چالاك بێت بۆیە دەكرێ پێی بگوترێت ئۆپۆزیسیۆنی نێگەتیف، دووەمیان، ئۆپۆزیسیۆنێكی كارا لە دەرەوەی دەسەڵاتدایەو بەشدارنییە لە حكومەت و پەرلەمانداو جموجۆڵ و چالاكییە سیاسی و رێكخراوەییەكانی لە نێو جەماوەری بەرفراوانی وڵاتدا پیادەدەكاو تێدەكۆشێ لەرێگەی هەڵبژاردنەكانی داهاتوودا بگاتە دەسەڵات جا چ بەتەنیا بێت یان بە هاوپەیمانەتی لەگەڵ ئەو پارت و رێكخراوانەی لە رووی ئایدیۆلۆژی یان هەڵوێستی سیاسییەوە لێكنزیكن ، لێرەدا دەكرێ ئەم جۆرە ئۆپۆزیسیۆنە پێی بگوترێت ئۆپۆزیسیۆنێكی پۆزەتیف.

**لە لایەكی دیكەدا دەكرێ ئۆپۆزیسیۆن لە رووی ئامانجاوە پۆلێن بكرێ بۆ:**

یەكەم: ئۆپۆزیسیۆنێك ئامانجی بەدەستهێنان و دەستەبەركردنی قەوارەی سیاسییە بۆ ئەو گەلەی مافی بڕیاردانی چارەنووسی لێ زەوتكراوە و كاردەكات بۆ پێكهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی جا چ بەجیابوونەوە بێ یان لە چواچێوەی یەكێتییەكی ئارەزوومەندانەدا (سیستەمی فیدراڵ یا كۆنفیدراڵ وەك نموونە). ئەم جۆرە ئۆپۆزیسیونە لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی تازەوە بگرە تا ئەمرۆكەمان زۆر دەگمەن هەڵكەوتووە لە رێگەی ئاشتی و دانوستان و دیپلۆماتییەوە ئارمانجەكانی بەدەستهێنابێ، بەڵكو لە زۆرینەی دۆخەكاندا لە رێگەی تێكۆشانی سەخت و شۆڕش و راپەڕینی جەماوەری و بزاڤی چەكداری درێژخایەنەوە شانبەشانی جموجۆڵی سیاسی گەیشتۆتە ئارمانجەكانی.

دووەم: ئۆپۆزیسیۆنێك خودان قەوارەی سیاسییە، واتە كێشە نەتەوایەتییەكەی چارەسەربووە، بەڵام لەو چوارچێوەیەدا كار بۆ گۆڕینی رژیمی حوكم لە وڵاتدا دەكا و بەدوای گۆڕانێكی ریشەییە، یان لە چواچێوەی هەمان رژێمدا هەوڵدەدات دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست و كۆمەڵێ ریفۆرم ئەنجامبدات. بە پێی ئەم پۆلێن كردنەش راستەخۆ سروشتی ئۆپۆزیسیون گۆڕانی بە سەرداديێ و ستراتیژ و تاكتیكیشی دەرەنجام دەكەونە ژێر كاریگەری ئەو دۆخەی كە خۆی تێدا دەبینێتەوەو شێوازەكانی كاركردنیشی وابەستە بە هەلومەرجە بابەتییەكانی ئەو دۆخەدەبن.

سێیەم: ئۆپۆزیسیونێك نە وەك یەكەمیانەو نە وەك دووەمیان، بەڵكو ئاكارو سیمای هەردوو دۆخی سەرەوەی تێدا بەرجەستەدەبێ و بارودۆخێكی ئاڵۆزو پێچداری سیاسی هەیە، ئەم تەرزە ئۆپۆزیسیۆنە لە دۆخی ئەمرۆی كوردستاندا دێتە بەرچاو بە جۆرێ دەسەڵاتی نێوخۆی  هەرێم لە بەرامبەر كۆمەڵێك حزب و لایەنی سیاسی ناوەوە و دەرەوەی دەسەڵاتدا لە ناو سنووری هەرێم دەسەڵاتدارە كەچی هەرلەگەڵ ئەوانیشدا پێكرا بەرامبەر بە دەرەوەی هەرێم (جا چ بەرامبەر بە لایەنە سیاسییەكانی نێو حكومەتی عێراق بێ یان بەرامبەر بە دەوڵەتانی ناوچەكە)ئۆپۆزیسیۆنە، چونكە هێشتا، لە چواچێوەی عێراقی ئێستادا، كێشە نەتەوایەتییەكە بەیەكجارەكی یەكلانەبۆتەوە. بەوتەیەكی دیكە دەكرێ بڵێین دەسەڵاتی هەرێمی كوردستان لە یەك كاتدا هەم دەسەڵاتەوهەمیش ئۆپۆزیسیۆن، كە ئەمەش هەڵوێستی حزب و لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەكانی سنووری هەرێم ئاڵۆزتر دەكا بەرامبەر بەو ئاكارە جووتایەتییەی سروشتی دەسەڵاتی هەرێم هەیەتی بەحوكمی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی كەعێراق بە خۆیەوەی گرتووە. كەواتە دەكرێ بڵێین لە كوردستاندا هێشتا سنووری نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن بەو شێوەی لە دۆخەكانی سەرەوەدا بە گشتی باسمان لێوەكردن رۆشەن نییە و لە سەر زەمینەی واقعدا جۆرێك

له تێكەڵاوی و هاوبەشی له ئەرك و ئارمانجەكانی هەردوولادا هەیه بۆیه قسەكردن له سەر هەردوو چەمك لەو حاڵەتەدا كارێكی ئاسان نییه و قووڵبوونەوەی زۆری دەوێ تا بگەیته بڕیار و تا دۆخەكەش سەبارەت به ئایندەی سیاسی كوردستان یەكلانەبێتەوە ئیشكالیەتی قسەكردن له بارەی ئۆپۆزیسیۆن له كوردستاندا هەرله ئارادا دەمێنێ. بەڵام ئەمەش لێكدانەوەیەكی رەها نییه تا نەكرێ بۆچوونی دیكه هەڵبگرێ، بەڵكو به شێوازێك له شێوازەكان دەكرێ ئۆپۆزیسیۆنی كوردستانی تا یەكلابوونەوەی یەكجارەكی كێشەكه لەلایەكیان لەتەك ئەو زۆرینەیەی دەسەڵاتداره له هەرێمدا بەرامبەر به هەوڵەكانی دەرەوە هاوكارو هاو هەڵوێست بێت لەمەڕ پرسه چارەنووسسازەكاندا هەروەك چۆن ئاڕاسته سیاسییەكان و پارسەنگی هێزەكان له عێراقی ئێستادا ئەوە دەخوازێت، له لایەكی دیكەشدا پێویسته ئۆپۆزیسیون نەبێته پاشكۆی سیاسەتەكانی دەسەڵات و بۆ باشترکردنی دۆخی ناوخۆی كوردستان هەڵوێستی سیاسی رۆشەنی هەبێت و خودان كارنامەیەكی سیاسی رۆشەن بێت سەبارەت به چاكسازی باره كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و یاساییەكان و.... ، له رەخنەی بوێرو بنایتنەر نەسڵەمێتەوە و ئەڵتەرناتیڤی هەبێت بۆ باشترکردنی باری هاووڵاتیان له تێكڕای بوارەكانی ژیانداو فشاربكاته سەر زۆرینەی دەسەڵاتدار له ناوخۆی هەرێمداو ناچاری بكات چاكسازی له سەرجەم ئەو بوارانەدا بكرێت كه پێویستیان به چاكسازییه، بەمەش ئۆپۆزیسیونی كوردستان ئەو رۆڵه دەبینێت كه پێویسته وەك ئەركێكی نیشتمانی و مێژوویی هەیبێت و ئایندەی وڵات بەرەو ئەو ئاقاره پەلكێش بكات كه هەرچی پتری بەرژەوەندی خەڵكی كوردستانه دەستەبەربكرێت و له مەترسییەكان به دووربخرێتەوە، ئەگەر نا به بۆچوونی من هەر باسكردنێك له مەڕ ئۆپۆزیسیۆن له كوردستانی ئەمڕۆدا دەچێته خانەی خەیاڵ و دوور له ریاڵی سیاسی ئێستای كوردستان، بەمەش جگه له به فیڕۆدانی تواناكان هەرگیز چاوەڕوانی ئاكامێكی باشتری لێناكرێت. ئەم قسەیەشم نه بۆ ئەوەیه پەرێزی ئۆپۆزیسیۆنی كوردستان له هەڵەو كەموكورتییەكان پاكبكەمەوە، نه بۆ ئەوەشمه شاباشی دەسەڵاتم بەركەوێ، بەڵكو ئەمه واقعه و خویندنەوەیەكی دوور له هەڵپەو ریالیستانەی دەوێ، به دووریشی نازانم كه ئەوەی لای من به واقع دەزانرێ لای كەسێكیتر به ناواقع له قەڵەم بدرێو، ئەوەی نامومكینیشه لای خەڵك لای من به مومكین بخوێنرێتەوە!



www.dengekan.com
1/22/2007